زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر

Salahaddin University – Erbil

# هەلسەنگاندنی زمانی پەرتووكی زانست بۆ هەمووان پۆلی (هەشتەمی بنەڕەتی) بە پێی بنەمای زانستی زمانی – زمانی)

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشكەش بە بەشی (زمانی كوردی )ی كۆلیژی پەروەردە / شەقلاوە كراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردیدا.

ئامادەكراوە لەلایەن :

تریفە محمد عمر

زینب فرسەت ڕشید

**بە سەرپەرشتی :**

د. عمر احمد عبدالرحمن

نیسانی – ٢٠٢٣

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت

ئەم توێژینەوە بە سەرپەرشتیی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە وەک پێویستییەک بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پسپۆڕیی زمان و ئەدەبی کوردی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو:

ناو:

ڕێککەوت:

# ناوەڕۆک


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | 1 |
| 1/1/1 | چەمک و ناساندن | 3 |
| 2/1/1 | پەرتووکی خوێندن | 3 |
| 1/2/1/1 | هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنگە | 4 |
| 2/2/1/1 | گرنگی پەرتووکی خوێندن | 4 |
| 3/1/1 | جۆرەکانی پرۆگرام | 6 |
| 4/1/1 | ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی خوێندن | 7 |
| 2/1 | زمانی نووسینەوەی زانست | 9 |
| 1/2/1 | زمانی نووسینەوەی زانست(زمانی پەرتووکی خوێندن) | 9 |
| 2/2/1 | تایبەتمەندیەکانی زمانی زانست | 10 |
| 1/2/2/1 | ڕوونی | 10 |
| 2/2/2 | وردی | 10 |
| 3/2/2/1 | کورتبڕی | 10 |
| 4/2/2/1 | لۆژیک | 10 |
| 3/2/1 | بنەماکانی زمانی پەروەردەیی | 10 |
| 1/3/2/1 | بنەمای دەماری – زمانی | 10 |
| 2/3/2/1 | بنەمای کۆمەڵایەتی – زمانی | 11 |
| 3/3/2/1 | بنەمای دەروونی زمانی | 11 |
| 4/3/2/1 | بنەمای زانستی زمانی – زمانی | 11 |
| 1/4/3/2/1 | زمانی ستاندارد | 11 |
| 2/4/3/2/1 | خاڵبەندی | 12 |
| 3/4/3/2/1 | ڕێنووس | 13 |
| 4/4/3/2/1 | ڕێزمان | 14 |
| -2 | هەڵسەنگاندنی زمانی پەرتووکی زانست بۆ هەموان پۆلی(هەشتەمی بنەڕەتی) | 17 |
| 1/2 | ڕێنووس: | 17 |
| 2/2 | خاڵبەندی | 17 |
| 3/2 | لە ڕووی ڕێزمانەوە | 18 |
| 1/3/2 | لە ڕووی وشەسازی (مۆرفۆلۆجی ) | 18 |
| 2/3/2 | لە ڕووی ڕستەسازی (سینتاکس) | 19 |

## پێشەکی:

ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوە: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (هەلسەنگاندنی زمانی پەرتووکی زانست بۆ هەمووان پۆلی(هەشتەمی بنەڕەتی) بە پێی بنەمای زانستی زمانی – زمانی) بەپێی ناونیشانەکە لێکۆڵینەوەکە دەچێتە بواری زمانەوانی کارەکی.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:** هەرچەندە لەم بوارە کاری زۆر باش پێشکەشکراوە ، بەلاّم ئێمەش پێمان باش بوو جێدەستمان دیار بێت. هەروەها بابەتەکەش بابەتێکی گرنگە و لە واقعی ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگیداوەتەوە و سودی دەبێت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا.

**سنوورو کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:** کەرستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەو زمانەی کە پەرتووکی زانست بۆ هەمووانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی پێ نوسراوەتەوە، کە بوارە بابەتییەکەی بریتییە لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زمانی دەقە فێرکارییەکان لە چوارچێوەی پەرتووکەکانی خوێندن (پڕۆگرامی خوێندن) دا، پەرتووکی زانست بۆ هەموانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وەک نموونە وەرگرتووە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕێبازی(وەسفی_شیکاری ) پەیڕەوکراوە. بەوپێیەی کەرەستەکان لەناو پەرتووکەکەدا چۆ بەکارهاتوون بەم شێوەیە باسیان لێوەکراوە و شیکراونەتەوە.

**پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:** هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستە چەند پرسیارێک لەخۆبگرێت و لە میانەی ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکەش بگاتە وەلاّمێکی زانستی بۆ پرسیارەکان، لەم چوار چوارچێوەیەدا پرسیاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەوەی ( ئایا ئەو زمانەی پەرتووکی زانستی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی پێنوسراوەتەوە پەیڕەوی بنەما سەرەکییەکان زمانی نوسینەوەی زانستی کردووە؟ ئایا زمانەکە پەیڕەوی بنەما ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی کردووە؟ ئایا لێڵی و ناڕوونی لەو زمانەدا بەدیدەکرێت، کە پەرتووکەکەی پێنوسراوەتەوە هەروەها کاریگەری لەسەر پرۆسەی تێگەیشتن هەیە.

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:** ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت :

– **بەشی یەکەم:** ئەم بەشە دابەشکراوە بۆ سەر دوو تەوەر.لەتەوەری یەکەمدا باس لە پرۆگرامی خوێندن دەکات و چەمک و پێناسەکەی دەخاتە ڕوو، لەم چوارچێوەیەشدا پەرتووکی خوێندن دەناسێنیت و لەگەڵ پیشاندانی گرنگی پەرتووکی خوێندن، ئینجا باس لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەرتووکە فێرکارییەکان دەکات، هەر لەم تەوەرەیەدا شێوە و ناوەرۆکی پەرتووکی خوێندن باسیلێوەکراوە لەگەڵ ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی خوێندن. لەتەوەری دووەمدا زمانی نوسینەوەی زانست ڕوونکراوەتەوە و تایبەتمەندییەکانی

خراونەتەڕوو، ئینجا ئاماژە بە بنەماکانی زمانی پەروەردەیی کراوە و لەم چوارچێوەیەدا چەند بنەمایەک خراوەتەڕوو دواتر جەخت لەسەر بنەمای زمانی کراوە کە بارەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیە.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ لایەنی پراکتیکی، کە هەموو ئەو لایەنەتیۆرییانەی لە بەشی یەکەمدا باسکراوون هەوڵدراوە پراکتیزە بکرێن، کە تیایدا هەڵە کانی ڕینووس و خاڵبەندی خراونەتەڕوو و نموونەی پێویست لە پەرتووکەکە هنراوەتەوە و دواتر باس لە هەڵە ڕێزمانییەکان کراوە کە لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە نموونە لە دەقی ناو پەرتووکەکان هێنراوەتەوە، ئنجا لایەنە ڕاستەکان خراونەتەڕوو.

لەکۆتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو و لەگەڵ ڕێزکردنی سەرچاوەکان لە لیستێکدا.

## 1- زمانی نووسینی پرۆگرامەکانی خوێندن (پەرتووکی خوێندن)

### 1/1- پرۆگرامی خوێندن :

### 1/1/1-چەمک و ناساندن:

لەسەردەمی ئێستا دا پرۆگرامی خوێندن وەکو هەر بابەتێکی تر گرینگیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و جێبەجێ دەکرێت. ((لە ڕووی مێژووییەوە زانستی پرۆگرام زانستێکی تازەیە بەشێکە لە زانستە مرۆڤایەتیەکان، لە ئێستا دا وەکو زانستێکی تەواو سەیر دەکرێت و یاساو بنەما و ڕێگاو شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە)) ((کارزان و کوردستان :٢٠١٨: ٢٢٩ )). یاخود ((پرۆگرام هەموو ئەزموونێکی قوتابخانەیە، کە پەیوەندی بە گەشەکردنی لێهاتوویی و ستراتیژی و بیرکردنەوەو داهێنان، چارەسەری کێشە، بەکارەکیی فێربوون و هەموو ئەو کۆزانیاری وبەها و ڕەفتارانەیە کە بونیادی پەرەپێدانی کەسێتی تاک پێک دەهێنێت، لەخۆ دەگرێت)) (( شیلان عمر :١٦٦:٢٠١٦)).

کەواتە پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵێک پرۆسەی زانستی و مەعریفی دەگرێتەوە هەر لەباخچەی ساوایان دەست پێدەکات تا زانکۆ و پەیمانگاکان. پرۆگرامی خوێندن سەرەتایی بنچینەیی هەیە لە بونیاندنانی مرۆڤ و بەرەو پێش چوون و گەشەسەندنی، ئەمەش ڕۆڵێکی یاریدەدەرەو کاریگەری دەبێت بۆ توانایی لێزانی و لێهاتوویی تاک. کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و گەشەکردوو دروست بێت هەروەها پەرتووکی قوتابخانە هۆکاری فێرکردنی تایبەت و گرنگە بۆ مامۆستا و قوتابیان لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە تاک هەوڵدەدات تیکەڵەیی و بەرکەوتەی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەبێت چونکە : (( پرۆگرامی خوێندن ئەرکی بەرپرسیارەتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاک دەگرێتەوە، بە واتای ئاوێزانکردنی تاک بە کۆمەڵگاوە و ئاوێتە کردنی ئاوێتەکردنی کلتوورو ڕۆشنبیری کۆمەڵ بە تاکەوە، بەهۆی گونجاندنی پێوەر و بەها و داب و نەریت و.......هتد لەگۆمەڵگادا. بەم پێیە ((پرۆگرامی خوێندن لە گرینگترین دەروازە کارەکیە پەروەدەیەکانە لە پەروەردەکردنی دروستدا و ناواخنی ئەم پرۆگرامەش هەموو ئەو بەرپرسیارەتیانە لەخۆبگرێت)). ((شیلان : ٢٠١٦ : ٢٩٢)).

### 2/1/1-پەرتووکی خوێندن:

لەچوارچێوەی کرداری فێربووندا، (( پەرتووکی خوێندن بەکەرستەو ئامرازێکی سەرەکی دەژمێردرێت؛ چونکە لەڕێگەی ئەوەوە زانیاریەکان ئاراستەی خوێندکاران دەکرێن، بەپێی ئەو قۆناغ و پۆلەی تیایدا دەخوێنێت، هەروەها یاریدەدەری مامۆستایانە لەگواستنەوەی وانەکاندا. بۆیە پەرتووکی

خوێندن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ و بەمەش بۆتە جێگای بایەخی دەزگا پەروەردەییەکان و بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدەن بە باشترین شێواز بەرهەمی بێنن و پەرەی پێ بدەن)) ((عمر ابراهیم و ڕشید حسێن : ٢٠١٦ : ٩٦ )).

گرینگترین هۆکار بۆ هێنانەدی ئامانجە زانستی و پەروەردەیەکان بریتین لە کتێبی قوتابخانە ( پەرتووکی خوێندن ) کە هەم وادەکات لایەنی زانستی قوتابی بەرەو پێش بچێت کە کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی پەروەردەیی قوتابی، بە پێی ئەو قۆناغەی قوتابی تیایدا دەخوێنێت زانیارییەکان سنوردارن و دیاریکراون. پەرتووکی قوتابخانە گرنگی خۆی هەیە لە کرداری پەروەردەو فێرکردن بۆیە پێویستە بایەخی پێبدرێت و هەوڵ بدرێت بەرەو پێش ببردرێت. ڕێکخراوی یونسکۆ پێناسەی پەرتووک بەوە دەکات کە ((هەر چاپکراوەیەک کە خولی نەبێت لە (٤٩ ) لاپەڕە کەمتر نەبێت جگە لە بەرگەکان و لە چوارچێوەی قوتابخانەکاندا سوودی لێ وەربگرن)) ((عمر ابراهیم و فاتیمە ڕەشید : ٢٠١٦ : ٩٦ )).

1/2/1/1- **هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنگە:** هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکە بۆ ئاگاداربوون لە چۆنییەتی بەئەنجامگەیاندنی هەر کارێک لە هەر بوارێکدا ئەنجام دەدرێت، بە تایبەت ئەم برۆسەیە لە بواری پەروەردەدا زۆر گرنگ و پیویستە، لە چوارچێوەی قۆناغەکانی خوێندندا ((هەر قۆناغێک پەرتووکی تایبەت بە خۆی هەیە، پێویستە ئەم پەرتووکانە بخرێنە بواری هەڵسەنگاندنەوە، مەبەستی سەرەکی لە هەڵسەنگاندن دیاریکردنی ئامرازو پێداویستیەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندی پەرتووکی خوێندنگەیە، بۆ ئەوەی بە ڕوونی بزانرێت تا چ ئاستێک ئامانجی دیاریکراوی پەرتووکی خوێندن بە دیهاتووە )) ((کارزان و کوردستان : ٢٠١٨ : ٢٩٨ )).

2/2/1/1- **گرنگی پەرتووکی خوێندن:** بەگشتی ئەو پەرتوکانەی، کە قوتابی زانیاری لێوەردەگرێت لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردندا لە قوتابخانەکان، واتە ئەوەی بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی لەبارەوە دراوە، جیاوەزە لە جۆرەکانیتری پەرتووک، ((پەرتووکی خوێندن سەرچاوەیەکی سەرەکیە، کە خوێندکار زانیاری لێوەردەگرێت زیاتر لە هەر سەرچاوەیەکی دیکە، هەروەها مامۆستاش لە ئامادەکردنی وانەکانی پێش جێبەجێ کردنی لە ناو پۆلدا پشتی پێدەبەستێت و ئەمانەش گرنگی زیاتر بە پەرتووکی خوێندن دەبەخشێت کە نکۆڵی لێ ناکرێت، هەروەها لە وتنەوەی هەر بابەتێکی خوێندندا ئەم کتێبانە تەنها سەرچاوەی سەرەکین )) (( کارزان و کوردستان :٢٠١٨ : ٣٠١ – ٣٠٢)).

3/2/1/1- **پێکهاتەی پەرتووکی خوێندن** : پەرتووکی خوێندن لە چەند پێکهاتەیەک پێکهاتووە وەک ئەمانەی خوارەوە:

**أ – ناوەڕۆک** concepts : ئەو زانیاریانەن کە لە نێو توێی پەرتووکی خوێندندان  وەک : چەمکەکان concepts و ڕاستەکان Facts و بنەماکان principles و گشتاندنەکان Generli Zaitions و بیردۆزەکان ( تیۆرییەکان Theories )..... هتد.  گرنگترین کردار کە پەیوەندی بە پێکهاتەی ناوەڕۆکەوە هەبێت، بریتییە لە کرداری هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و ڕێکخستنی ناوەڕۆک،سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناوەرۆکی پەرتووکی خوێندن، نەک تەنها کردارێکی گرنگە، بەڵکو کردارێکی قورس و گرانیشە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

١– بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەر زانیارییەکان دێت، واتە ئاشکرا کردنی زانیاری نوێ و پوچەڵکردنەوەی زانیاری کۆن، ئەمەش بەوە ئەنجام دەدرێت لە کاتی هەڵبژاردنی ناوەڕۆکدا ئاگاداری گۆڕانکارییەکان بین تا بتوانین زانیاری دروست و سەردەم هەڵبژێرین.

٢ – زیاد بوونی زانیارییەکان لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە پێویستە لە ماوەی (٥ –٧ ) ساڵ جارێک چاو بە زانیارییەکان لە ناوەڕۆک دا بخشێندرێتەوە تا لەسەر نەچوونی زانیارییەکانی ناوەڕۆک دڵنیا بین. لەگەڵ چەند هۆیەکی تر........ (( عمر و فاتیمە : ٢٠١٨ : ٩٧ ))

وە هەروەها لە ناوەڕۆکدا کە یەکێکە لە پێکهاتەی پەرتووکی خوێندن، زانیاری تەواو پێویست هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری فێرخواز وە فێرکردنیان لەو وانەو بابەتەی کە مەبەستمانە، وە پێویستە لەسەر دانەرانی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن سەرجەم زانیارییەکان بە شێوەیەکی وردو دروست و تایبەت بە تەمەنی قوتابییەکان لەو قۆناغەدا هەڵبژێرن، جا ئەنجامدانی ئەم کارە بێگومان قورس و گرانە پێویستی بە هەبوونی زانیاری و وردی هەیە.  چونکە ناوەڕۆک کاریگەری گرنگی هەیە لە بەرەو پێشچوونی ئاستی زانستی قوتابیان.

**ب – شێوە** ( Form ): بریتییە لە سەرجەم ڕوکەشیەکانی پەرتووکی خوێندن، واتا لایەنە بینراوەکانی پەرتووکی خوێندن، وەک : جۆری نوسین و قەبارەی پیتەکان، ڕەنگە بەکارهێنراوەکان، جۆری کاغەز، بەرگی پەرتووکەکە و وێنەی سەر بەرگەکە....... هتد هەڵبەتە شێوەی پەرتووک پێکهاتەیەکی گرنگە لە خوێندن و فێربوون، بۆیە بۆ بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی شێوەیی و ئامادەکردنی پەرتووک پێویستە ڕاو بۆ چوونی پسپۆڕان و شارەزایانی بوارە جیاجیاکانی وەک : دەروونزانی منداڵ، کۆمەڵزانی و وێنەکێشان وەربگیرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی خوێندکاران بگونجێت و سەرنجیان ڕابکێشێت و پاڵنەریان بۆ خوێندن دروست بکات. بە مەبەستی بەرهەمهێنانی پەرتووکی خوێندن بە شێوەیەکی زانستی و دروست لەلایەنی ڕوکەشیەوە پێویستە چەند مەرجێک فەرامۆش نەکرێت، وەک :

١-قەبارەی پیتەکان گونجاوبێت  تا خوێندکاران بە ئاسانی ببینن.

٢ – بەکارهێنانی وێنەو شێوە بە پێی پێویست بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکە، بە پێی جۆری بابەتەکە دەگۆڕێت )). (عمر ابراهیم، فاتیمە ڕشید : ٢٠١٨: ٩٧ ).

کەواتە ئەوەی پەیوەندی بە شێوەی پەرتووکەکە هەیە وەک جۆری پەڕاو قەبارەی نوسین و کوالێتی پەرتووکەکە لە ڕووی شێوەو شکلەوە گشتیان دەچنە بازنەیەک لە دەرەوەی زماندایە بۆ ئێمە زۆر لێیان وردنابینەوە.

**3/1/1- جۆرەکانی پرۆگرام** : بە شێوەیەکی گشتی پرۆگرام بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبێت:

أ – **پرۆگرامی کۆن:** ئەم پرۆگرامە (( کۆمەڵێک بابەتن ، کە مەبەست لێی دەرچوونی قوتابیە لە بابەتەکاندا ، بە پێی ئەم پرۆگرامە ، قوتابی ئەم بابەتانە دەخوێنێت تەنها لە پێناو دەرچوون لە کۆتایی ساڵدا .

ئامانج / ئامانجی بیرەکی ، کە مامۆستا دایدەنێت و قوتابی بەدەستی دەهێنێت .

بواری خوێندن / گرنگیدان بە بواری بیرەکی ، بەبێ گرنگیدان بە لایەنی کاردانەوە لەبواری جوڵاندنی دەرونیدا.

ناوەڕۆک / لە یەکەکانی خوێندن پێکدێت .

ڕێگاکانی وانە وتنەوە / تەنها گۆکردن بەکاردەهێنرێت .

ڕۆڵی مامۆستا / ڕۆڵی نێگەتیڤە ، ئەو زانیاریانەی لایەنی دیاریکراو و سنوردارن و لەبەریکردوون و دەیەوێت بە قوتابی بگەیەنێت .

سەرچاوەکان / کتێبی بڕیاردراو .

جیاوازی تاکەکەسی/جیاوازی لە نێوان تاکەکاندا نیە ، چونکە بابەتەکان لەسەر هەمووان جێبەجێدەکرێت .

ڕۆڵی بەهێزکردن / قوتابی تەنها دەرخ دەکات ، بەبێ تێگەیشتن لە بابەتەکان .

پەیوەندی قوتابی / قوتابخانەو قوتابی و ژینگەیان جیاوازە .

سروشتی پرۆگرام/ناوەڕۆکی بابەتەکان وەک پرۆگرام وان ، چونکە ناتوانرێت بابەتەکان بگۆڕێن و جێگرن )) ( مهاباد : ٢٠١٦ : ١٩٧ ).

**ب/ پرۆگرامی نوێ :** ((له پرۆگرامی نوێدا ئەمانە بەرچاو دەکەون :

١ – ئامانج / لە تایبەتمەندیەکانی قوتابی پێکدێت ، کە لەسەر بنەمای شێوەی ئامانجە ڕەوشتیەکان پێکدەهێنرێت .

٢ – بواری فێرکردن / گرنگی بە گەشەی پڕاوپڕی زانیاری و کاردانەوە دەدات .

٣ – ڕۆڵی کۆزانیاری / یارمەتی قوتابی دەدات لە بەدەستهێنانی زانیاریدا .

٤ – ناوەڕۆکی پرۆگرام / لەسەر بنەمای ئەو ئەزمونانە دادەندرێت کە پێویستە قوتابی فێریببێت .

٥ – ڕێگای وانەوتنەوە/ بە ناڕاستەوخۆیی ڕۆڵی لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە .

٦ – ڕۆڵی مامۆستا / هەوڵدەدات یارمەتی قوتابی بدات لە کۆکردنەوەو بەدەستهێنانی کۆزانیاریدا)) ( مهاباد : ٢٠١٦ : ١٩٨ ).

## 4/1/1- ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی خوێندن :

ئێمە چەند ڕێگایەکمان هەیە بۆ دانانی پەرتووکی خوێندن (( دانانی پەرتووکی خوێندن بریتیەلە پرۆسەیەکی تەواو تایبەتمەند، بۆیە. زۆر پێوستی بە وردی، لێهاتووی هەیە پرۆسەی دانانی پەرتووکی خوێندن کەسانێک ئەنجامی دەدەن، کە ئامادایی و توانایەکی تایبەتیان لەم بوارەدا هەبێت )) ((عمر احمد: ٢٠٢٢: ٥٤ ))

کەواتە زمانی پەرتووکی خوێندن لایەنێکی گرنگە، پێویستە بە وردی ئەم لایەنە ڕەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی زمانەوە پەرتووکەکە شێوازێکی ئاسانی هەبێت، بابەتەکان بەباشی پێشکەش بکرێن. پێویستە زانیارییەکان لە ئاسانەوە دەست پێبکات بەرەو گرانتر واتە بە پلە بێت. ( بشیری : ٢٠١٥ : ٦٨ )

لە کاتی دانانی پەرتووکی خوێندن دەبێت زمانەکەی بە شێوەیەک بێت پرسیاری ( ئەم وشەیە مانای چییە ) لای قوتابی دروست نەکات، قوتابی ئاشنا بکرێت بە زانیارییەکان و بابەتەکان و فێربکرێن و شیبکرێنەوە. پێویستە لەگەڵ قۆناغەکان پەرتووکەکان لە ئاسانەوە بەرەو قورستر بچێت و پلە داربێت. زۆر ڕێگا هەن بۆ دانانی پەرتووکی خوێندن، پسپۆڕانی ئەم بوارە سێ ڕێگای سەرەکیان دەستنیشان کردووە :

١ – **ڕێگای ڕاسپاردن (تەکلیف):** ئەمە یەکێکە لە ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی خوویندن (( بە پێی ئەم ڕێگایە، لایەنی پەیوەندیدار داوا لە کەسێک دەکات، بۆ ئەوەی پەرتووکی دیاریکراو یان چەند پەرتووکی دیاریکراوی خوێندن دابنێن و ئامادەی بکەن، لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بە مەرجێک دانانی پەرتووکەکە لە ژێر ڕۆشنایی پڕۆگرامی بڕیار لێدراوی دەوڵەتدا بێت، لە خاڵە گشتیەکان دەرنەچێت، لەبەرامبەردا کەسەکە بەخشیشێک وەردەگرێت.

لایەنی ئەرێنی ئەم ڕێگایە : لایەنی چاکەی ئەوەیە، کە شێوازێکی خێرایەو بواردەرەخسێنێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی خۆی کەسەکان دەستنیشان بکات.

لایەنی نەرێنی ئەم ڕێگایە : هەندێک جار وا ڕێک دەکەوێت، کە هەڵبژاردنی کەسەکە سەرکەوتو نەبێت، چونکە جاری وا هەیە بە تەنیا پشت بەستن بە ناوبانگی ئەو کەسەی دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەم کارە، یان شوێنی کەسەکە لە ناوەندەکانی بەڕێوەبردندا، بەس نییە بۆ هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ ئەم پڕۆژەیە)) ( عمر : ٢٠٢٢ : ٥٥ ). ڕێگای ڕاسپاردن ( تەکلیف ) بە یەکێک لە ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی خوێندن دادەندرێت، کە ناتواندرێ بە تەواوی پشتی پێ ببەسترێت چونکە لەگەڵ لایەنە باشەکەی لایەنی خراپیشی هەیە کە دەکرێ کەسی بەر پرسیار لە دانانی پەرتووکی خوێندن کەسێکی سەرکەوتوو و تەواو گونجاو نەبێت.

٢ – **ڕێگای لێژنەکان :** ئەمەش یەکێکە لە ڕێگاکان (( بە پێی ئەم ڕێگایە، لایەنی پەیوەندیدار هەوڵ دەدات کۆمەڵێک لێژنە پێک بهێنێت. بۆ مەبەستی دانانی پەرتووکی خوێندن، بۆ قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی.

لایەنی ئەرێنی ئەم ڕێگایە : باشی ئەم ڕێگایە لەوەدایە، کە هەندێ جار کاری دەستە جەمعی سەرکەوتووتر دەبێت لە کاری تاکە کەسی.

**لایەنی نەرێنی ئەم ڕێگایە:** بریتیە لەوەی، کە کاتێکی زۆری پێویستە بۆ ئەنجام دانی پڕۆژەکە، هەروەها هەندێ جار ئەو پەرتووکەی بەرهەم هاتووە، لە ئاستی پێویست دا نیە، چونکە سروشتی بابەتی لیژنە و لیژنەکاری وایە، هەستیاری تێدەکەوێت لە نێوان ئەندامانی لیژنەی دانەری پەرتووکەکاندا )) ( مرعی و الحیله : ٢٠٠٤ : ٣١١ –٣١٤ ).

ئەم ڕێگایە بریتییە لە بە کۆمەڵ کار کردن و بە ئامادە بوون و پێکهێنانی لە لیژنەیەک لە پسپۆڕان ئەنجام دەدرێت. لایەنی باشی ئەم ڕێگایە لەوەدایە کە کۆمەڵە بیرو ڕایەک و پسپۆڕییەک تێکەڵ و ئاڵو گۆڕ دەکرێت کە بێ گومان باشترە لە تواناو بەهرەو زانیاری تاکەکەس. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جارو لە زۆر شت بە هۆی جیاوازی بیرو تێڕوانینەکان پەرتووکەکە لە ئاستی پێویست دا نابێت.

**٣- ڕێگای ڕاگەیاندنی ئاشکرایان کێبڕکێ:** ئەمە ڕێگایەکی باوە، لایەنی پەیوەندیدار بۆ نمونە وەزارەتی پەروەردە، دانانی پەرتووکی خوێندن دەخاتە کێبڕکێ و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ڕایدەگەینێت، لە بەرامبەریشدا بەخشیشێک دیاری دەکات بۆ ئەو کەسەی لە کێبڕکێکەدا سەردەکەوێت. لە ڕاگەیاندنەکەدا هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە جۆرێن پەرتووکەکە ڕادەگەینرێت.

**لایەنی ئەرێنی ئەم ڕێگایە:** ڕێگایەکی بابەتیە، هیچ جۆرە مەرامی ( مجامەلە ) و خزمایەتی تێدانیە لەبەر ئەوەی دانەری پەرتووکەکان ناسراو نین و کارەکە بە نهێنی ئەنجام دەدرێت.

**لایەنی نەرێنی ئەم ڕێگایە:** یەکێکە لە کەم و کوڕییەکانی ئەم ڕێگایە ئەوەیە، دەشێت لەکاتی هەڵسەنگاندنی پەرتووکەکە و هەڵبژاردنی باشترین پەرتووکدا، لایەنگری هەبێت )) ( عمر : ٢٠٢٢ : ٥٦ ).

ڕێگای کێبڕکێ پرۆسەیەکی تاکەکەسیە ، واتە لە ڕێی کێبرکێیەوە باشترین کتێب دەست نیشان دەکرێت. ڕێگایەکی باوە بۆ دانانی پەرتووکی خوێندن، گەر وەزارەتی پەروەردە بیەوێت پەرتووکێک دابنێت، ئەوا پرۆسەکە دەخاتە قالبی کێبڕکێکەوە و باشترین پەرتووک لە بەرامبەر برێک پارە هەڵدەبژێرێت. یەکێک لە کاریگەرییە ئەرێنیەکانی ئەم ڕێگایە بابەتیە، ئەوەیە کە هیچ بەرژەوەندییەکی خزمایەتی تێدا نییە و پرۆسەیەکی نهێنیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کوڕی تێدایە، وەکو : کاتێک لیژنەی هەڵسەنگاندن، پەرتووکەکە هەڵدەسەنگێنێت، دەبێت لایەنگری بۆ نوسەرێک هەبێت.

## 2/1- زمانی نوسینەوەی زانست:

1/2/1- **زمانی نووسینەوەی زانست(زمانی پەرتووکی خوێندن)**: هۆکاری سەرەکی بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی پەروەردە بریتیە لە زمان، کەواتە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام دەگەیەنێت. کەواتە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەیە لە بواری خوێندن و پەروەردە و زانستدا. ئەو زمانەی لە گەیاندنی بابەتە زانستیەکاندا باکاردەهێنرێت جیاوازە لە زمانی گشتی. (( ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان زمان و زانست ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە شێوازی ئەو زمانەوە، کە زانستی پێدەنوسرێتەوە، دەچێتە چوارچێوەی زانستێک، پێیدەوترێت ( زمانەوانی پەروەردەیی ). لەم بارەیەوە ( کیث جاثرن و هلن جاثون (١٩٩٣) پێیان وایە، زمانەوانی پەروەردەیی یەکێکە لەو زانستە تایبەتمەندانەی زمانەوانی نوێ، کە هەڵسوکەوت لەگەڵ پەیوەندیەکانی نێوان زمان و زانست دەکات )) ( عمر : ٢٠٢٢ : ٨٦ )

**2/2/1- تایبەتمەندیەکانی زمانی زانست :**

**1/2/2/1- ڕوونی:** ئامانجی زمانی زانست بریتیە لە شرۆڤە کردن و لێکدانەوەی دیاردەکان، یان ڕوونکردنەوەی ڕێگاکان، بێگومان ئەم کردارەش بە بەکارهێنانی وشەی ناڕوون و بێ واتا سەرکەوتوو نابێت. چونکە خودی پڕۆسەکە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕوونکردنەوەی دیاردەیەکە، ناکرێ زاراوەو وشەی ناڕوونی تێدا بەکاربێت.

**2/2/2/1- وردی:** زمانی زانست بە پێی ئەو پێوەرە زانستیانەی کە هەن، پێویستە دەربڕینەکان وردو ڕاشکاو بن، پێویستە دەقەکان هەر لە سەرەتاوە یەک واتا بدەن نەوەک هەر پارچەو واتای جیا جیا هەڵبگرێت. ئەم وردیەش پێویستە سەر نەکێشێت بۆ گومان و نادیاری. هەروەها زمانێک بێت دووربێت لە وشەی هاو واتا و فرە واتا، تا دەکرێت دەربڕینی ناڕاستەوخۆی تێدانەبێت ( الشمري : ٢٠١٢ : ٢٩ ).

**3/2/2/1- کورتبڕی** : زمانی زانست دەبێت کورت و پوخت بێت و زۆرترین زانیاری بە کەمترین دەربڕین بگەیەنێت. مەبەستی کورتبڕی بەکارنەهێنانی وشەو زاراوەی زیاد و دووبارە نەکردنەوەی دەستەواژەکانە و هەروەها بەکارهێنانی کورتکراوەی وشەو زاراوەکانە.

**4/2/2/1- لۆژیک** : پێویستە زمانی زانست لەکاتی جێبەجێکردن ئەرکی خۆیدا، لایەنی لۆژیکی شتەکان و دیاردەکانی لەبەر چاو بگرێت، (( ئەم شێوە لۆژیکەش بریتیە لە بەدوایەکدا هاتن و ڕیزبەندی ڕاست و دروست بۆ ڕووداوەکان و پێشخستنی هۆکارەکان و، ئینجا خستنەڕووی ئەنجامەکان )) (عمر احمد: ٢٠٢٢ : ٩٠ ).

**3/2/1- بنەماکانی زمانی پەروەردەیی :**

زمانی پەروەردەیی ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەیە لە پڕۆسەیی پەروەردەو فێرکردندا. بۆیە (( بواری زانستی زمانی پەروەردەیی پەیوەستکراوە بە بنەماو پرس و زانستی زمانی کارەکەیەوە، هەموو ئەو پرسیارانەش لەخۆ دەگرێت، کە بنەمان لە زانستی زمانی کارەکی و بەرجەستەو بەکارهێنەری ئەو بەرهەمانەیە، کە لە زانستی زمانی کارەکی و زانستی زمانی گشتیەوە دەکەونە )) ( هەوار : ٢٠١٥ : ٦٤ ).

**1/3/2/1- بنەماکانی دەماری – زمانی** : لێرەدا کار لەسەر ئەوە دەکرێ کە هۆی دەربڕینی زمان چیە، چ بەشێکی مێشک زمان ڕادەپەڕێنێت. ئەو هۆکارانە چین وا لە مرۆڤ دەکات لە کرداری قسەکردن دوا بکەوێت و گرفتی سەرەکی وەرگرتنی زمان چیەو ئەمە و چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر لەم ڕێگایەوە ئەنجام

دراون. ((وروژاندن وبەگڕخستنی تواناکانی قوتابیە لە هەردوو لای مێشکدا، واتا قوتابیەکان بە پێی ئاست و تواناکانیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، نەک سەرجەم قوتابیەکان بەیەک شێوە، دەبێت جیاوازی تاکی بەدەربکەوێت، بەپێی ئاستەکانیان پرۆگرامەکانیان بۆ دابنرێت، وشەو دەستەواژەکان لەگەڵ ئاست و تەمەنیاندا بگونجێت و بە زنجیرەیی بابەتەکان یەکتری تەواو بکەن)) ( مهاباد : ٢٠١٦ : ٢٠٩ ).

2/3/2/1- **بنەمای کۆمەڵایەتی – زمانی** : یەکێکە لە ئەرکەکانی زانستی زمانی گرینگیدانە بە زمانی کۆمەڵایەتی لە پەروەردەدا. (( مەبەست لە بنەمایی کۆمەڵایەتی ، دەستەیەک لە یاساو ڕێساو بنەما و هۆکاری کۆمەڵایەتیە ، کە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی دانانی پلانی پرۆگرام و جێبەجێکردنی هەیە ، کە فەرهەنگ و کلتورو ڕەوتی ژیانی کۆمەڵ و واقعی کۆمەڵەکە بە گشتی دەنوێنێت )) (شیلان :٢٠١٥: ١٨٠).

3/3/2/1- **بنەمای دەروونی زمانی:** ئەم بنەمایە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتن لێی دەکۆڵێتەوە. (( زانستی زمانی دەروونی بە شێوەیەکی سەرەکی لێکۆڵینەوە، لە ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان لە مێشکدا دەکات، بە گشتی شیکردنەوە لە دووشەی دەنگ و وشەو ڕستەی زمان دەکات، کە ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی زمان هەیە )) ( هەوار : ٢٠١٥ : ٩٧ ).

4/3/2/1- **بنەمای زانستی زمانی – زمانی** : یەکێکە لە بنەماکانی زمانی پەروەردەیی. بنەمای زانستی زمانی – زمانی هەوڵدەدات لەبارەی کارەکانی زمانەوە بدوێت و دەیەوێت بزانێت قسەکەر چۆن واتا وەردەگرێت و وەسفیان دەکات.

1/4/3/2/1- **زمانی ستاندارد** : بریتیە لە زمانی فەرمی هەر وڵاتێک، واتە (( زمانی ستاندارد،ئەو زمانەیە کە لە دام و دەزگا فەرمیەکان و ناوەندەکانی خوێندندا بەکاردەهێنرێت. واتە زمانێکی نموونەیە، لە ڕووی ئاخاوتن و نووسینەوە، بەڵام دیالێکت / زاراوە، شێوازی قسەکردنی کۆمەڵێک کەسە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. پرۆگرام بە زمانی ستاندارد دادەنرێت، پێویستە قوتابی فێری ئەو زمانە بکرێت، بە مەبەستی پەیوەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵ و نزیککردنەوەیان لە یەکتری، لێرەوە قوتابی درک بە بەنرخی و بەرزی زمانەکەی دەکات و متمانەی بەگەل و وڵاتەکەی زیاتر دەبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا لەو ناوچانانەی کە زمانەکانیان سەر بە دیالێکتی ترن، دەکرێت بابەتێک بە دیالێکتەکەی خۆیان هەبێت، کە بەزمانی دایکیانە، بەمەبەستی دانەبڕانیان بە زمانی دایکیان، بەڵام لە ڕووی زانستیەوە گونجاو نیە لە یەک بابەتدا وشەو زاراوەو ڕستەو دەق و هۆنراوە بە زمانی ناوچەیی لە بابەتێکدا هەبن، چونکە زیان بە پرۆسەی خوێندن دەگەیەنێت )) ( مهاباد : ٢٠١٦ : ٢١٢ ).

کەواتە (( زمانی ستاندارد دەکرێت لە ڕێگەی کاریگەری سیاسیەوە کۆمەڵ بەر و بەکارهێنانی زمانی و پەیڕەو کردنی بدرێت ( سەپاندنی زمانی ستاندارد دا لەناو کۆمەڵ و دامەزراوەکاندا )، کە بناغەی دەستپێکردن و دانانی پڕۆگرامی خوێندن دیاریکردنی زمانی ستاندارد دا. زمانی ستاندارد پێویستە لە پڕۆگرامی خوێندندا بەکار بهێنرێت و پەیڕەو بکرێت، بنەمای سەرەکی و بنەڕەتیشە، زمانی ستاندارد ڕایەڵی پێکبەستنی تاکەکانی کۆمەڵ و کۆکەرەوەو جەمعکەرەوەی هەموو زار و شێوە زارو وەچەزارەکانە، ئەگەرنا ئەوا پاشا گەردانی لەزمانی پەروەردەدا دروست دەبێت و لە ئاکامیشدا لێکترازاندن و لێکپچڕاندن و پەرتەوازەبوونی تاکەکانی لێدەکەوێتەوە )) ( هەوار : ٢٠١٥ : ١٢٩ ).

2/4/3/2/1- **خاڵبەندی** : لە نووسیندا چەند بنەمایەکی زانستی و گرنگ هەن کە دەبێت ڕەچاو بکرێت و گرنگی پێبدرێت لەوانەش خاڵبەندی، (( مەبەست لە خاڵبەندی کۆمەڵێ هێمان، کە لە نووسیندا بەکار دەهێنرێت، خاڵبەندی لایەنێکی گرنگی نووسینە، کۆمەڵێ نیشانەو هێمای تایبەتین، جوانکاری بە نووسین دەبەخشن، لەهەمان کاتیش دەبێتە ئاسانکاریەک، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە بێتاقەتی و ماندووبون نەکات، لەو کاتەی دەقێک دەخوێنێتەوە، چونکە نیشانەو هێمایەک لە شوێنی خۆی هەیە. کەواتە خاڵبەندی کۆمەڵێک هێماو نیشانەن بە هۆیەوە پڕۆسەی خوێندنەوەی دەقەکە ڕوون و ئاسانتر دەکات )) ( نەریمان : ٢٠١٦ : ١٣٤ ). بەگشتی نیشانەکانی خاڵبەندیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**نیشانەی خاڵ (. ):** یەک خاڵ لە کۆتایی ڕستە دادەنرێت، کە ڕستەکە تەواو بوو یەکسەر خاڵ دادەنرێت لە کۆتایی یاخود لە شوێنێک کە باسەکە ببڕێتەوە.

نموونە :

١ – شەمشەمە کوێرەکان دەزانن چی لە دەورو بەریان دا هەیە. ١١٥

٢ – شیر دەرەکان هەندێک جیاکەرەوەیان هەیە ناهێڵن گەرمی لە لەشیان ون بێت. ١٠٨

**جووت خاڵ ( : ):** ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی خاڵبەندی، (( دوو خاڵی سەریەک لە نووسیندا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، نموونە لە دوای وتەیەک یان زاراوەیەک دادەنرێت، کە دواتر واتاکەی لێک بدرێتەوە )) ( عمراحمد : ٢٠٢٢ : ١٦١ ).

**نیشانەی کۆما (، ):** (( کۆما وەکو نیشانەیەکی خاڵبەندی لە جێگەی هەڵوەستەیەکی کورت دادەندرێت بەشەکانی ڕستە پەیوەست دەکات بە یەکەوە و لەیەکیان جیا دەکاتەوە، واتا لە نێوان پارچە یان چەشن و بەشەکانی بابەتێک دێت )) ( نەریمان خۆشناو : ٢٠١٦ : ١٤٠ ).

نموونە :

١ – هەموو گیانەوەران پێویستیان بە ئۆکسجینە بۆ دەستکەوتنی وزە لە خۆراکەکانیاندا، ١٠٨

٢ – باڵندەکان زۆر بایەخ بە پەڕەکانیان دەدەن، ١٠٢

**نیشانەی پرس ( ؟ ):** نیشانەی پرسیش ڕۆڵێکی گرنگی لە نووسیندا هەیە، لە زۆربەی بارەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. نموونە :

١ – ئایا دەزانی کە قرش ماسیە ؟ ( ٨٥ )

٢ – پەڵەکانیش دەگۆڕێن بۆ زیپکەی ورژێنەر بە خوران. چیت توش بووە ؟

3/4/3/2/1- **ڕێنووس:** یەکێک لە بنەماکانی زانستی زمانی – زمانی ڕێنووسە، کە لە نووسینی پرۆگرامدا یەکێکە لە بنەما گرنگەکان و پێویستە بە ئاگاداریەوە بە کاربهێنرێت و ڕەچاو بکرێت. (( ڕێنووس، شێوەو چۆنیەتی نووسین دەگرێتەوە و بەشێکە لە زمانەوانی، خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کە پێویستە لە کاتی نووسیندا، نوسەر پابەندی دەستورو ڕێساکانی نووسین بێت، ئینجا دەست بە نووسین بکات، یاخود ڕێنووس وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمانە و هۆیەکی کاریگەری ئاسانکاری و خوێندنەوە و نووسینە )) ( نەریمان : ٢٠١٦ : ١٢ ). لە کاتی نووسینی پەرتووکەکانی خوێندن پێویستە لایەنی پەیوەندیدار بە وردی ڕەچاوی ڕێنووس بکات، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی،چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا بە ئاسانی بابەتەکانی بۆ لێکنادرێتەوە. ئەو زمانانەی کە تاکو ئێستا چونەتە قالبی نووسین و شێوەی نووسینیان هەیە، بێگومان لە گوتن و لە نووسینی وشەکاندا بێ گیروگرفت نین، چونکە (( زمان دیاردەیەکی زیندوە، لە ڕادەبەدەر ئاڵۆزو لێکچڕژاون، هەمیشە لە جولەو گۆران دایە، سروشتێکی سەرەکی جیوەیی هەیە، نووسین وشک و مەییو و وەستاوە. بۆیە نووسین هەرگیز ناتوانێ پڕبەپێتی وتنی زمانەکە بێت )) ( ئەمین : ٢٠١٦ : ٧ ). بێگومان کاتێک دروستنووسی لە داڕشتنی ئەو زمانە هەبێت کە پێی نوسراوە ئەوا ئاسان تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە. بۆیە ((ئامانجی ڕێنووس بەرزکردنەوەی ئاستی دروستنووسینە، گرینگە مامۆستا ڕۆژانە جەخت لەسەر نووسین و دروستنووسینی منداڵ بکاتەوە، هەڵەی ڕێنووس تێڕوانینی خراپ و تێنەگەیشتنی واتا و تێکدانی پێڕەوی زمانی لێدەکەوێتەوە ، هەر بۆیە زۆر گرنگە زۆر بەوردی پرۆگرامی خوێندن دابندرێت و بە تەواوی ڕەچاوی هەموو بنەماو یاساکانی ڕێنووسی وشە بکرێت، چونکە سەرەتای فێرکردنی منداڵ زۆر گرنگە، لەبەرەوەی چۆن فێرکرا هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت و کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی تر دەبێت )) ( هەوار : ٢٠١٥ : ١٤٣ ).

4/4/3/2/1- **ڕێزمان** : هەردوو لایەنی وشە سازی و ڕستە سازی ( مۆرفۆلۆجی و سینتاکس ) دەگرێتەوە.

**یەکەم: وشەسازی(مۆرفۆلۆجی)**: زانستێکە لە وشەو مۆرفیمەکانی زمان دەکۆڵێتەوە. (( مۆرفۆلۆجی بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لە ڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە )) ( باخان : ٢٠٢٠ : ٧ ). یەکێکی تر لە کەرستە گرنگەکانی زمان کە ئەویش بە هەمان شێوە هەر دەچێتە خانەی وشە سازیەوە بریتیە لە ( ئامراز ). (( ئامرازەکان بۆ چەند پۆلێک پۆلدەکرێت، هەر یەکێک لەمانەش ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، نابێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەکار بێت، بەتایبەتی لە ئاستی زمانی نووسین دا. ئەوە ڕاستە هەندێکجار بە هەڵە بەکار هێنانی ئامرازەکان نابێتە هۆی گۆڕینی واتا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێ، کە لە بەکار هێنانی ورد نەبین )) ( عمر : ٢٠٢٢ : ١٦٦ ). لە خوارەوە هەوڵدەدەین هەندیک بابەتی سەربەم ئاستەی زمان ڕوونبکەینەوە:

- **ئامرازی (و) بەستنەوە:** لە کوردیدا ئەم ئامرازە بۆ بەیەکبەستانەوەی دوو ڕستە یان دوو ڕێز بەکاردێت لەناو دەقدا یان لە چواچێوەی ڕستەی لیکدراودا، ئەوەی جێگای تێبینییە هەندێکجار ئەو ئامرازە گۆڕاوە بۆ ( وە )، ئەمەش زیاتر بە کاریگەری زمانی عەرەبییە. (بەکر عمر علی: 2014:123)، وەک لەم نموونەیەی خوارەوە دیارە:

**بوونی بەکتریا لەسەر گۆی زەوی زۆرترە لەسەرجەم هەموو زیندەوەرانی دیکە بە یەکەوە. <u>وە</u> زۆربەی بەکتریا لەوە بچووکترن کە بەبێ وردبین ببینرێن**( زانست : ٢٠٢٢ : ٦ )..

لەم دەقەی سەرەوەدا ( وە ) پێویست ناکات بەکاربهێنرێت بەڵکو دەبێت ( و ) بەکاربهێنرێت. بەم شێوەیە:

بوونی بەکتریا لەسەر گۆی زەوی زۆرترە لەسەرجەم هەموو زیندەوەرانی دیکە بەیەکەوە و زۆربەی بەکتریا لەوە بچووکترن کە بەبێ وردبین ببینرێن.

- **پاشبەندی ( وە، ەوە، دا ) :**

ئەم پاشبەندانە لە ئاستی زمانی قسەکردندا جگە لەوەی کەمێک لەنگی دروستدەکەن، بەڵام لەهەندێ بارودۆخدا نابنە هۆی گۆڕانی واتا. هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی نوسەرە کوردەکان لە ئاستی ئەم پاشبەندانە لەزمانی نوسیندا بکەونە هەڵەوە. ئەم هەڵەکردنە لە نوسینی ناو پەرتووکەکانی خوێندنیش بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرچاودەکەوێت، کە ئەمەش بارێکی ئاسایی نییە، چونکە نابێت بە بیانووی

نەگۆڕینی واتا، هەڵە لە نوسینی ئەم پاشبەندانەدا بکرێت، بەتایبەت لە پەرتووکە فێرکارییەکاندا.(عمر احمد:2022:167) وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە:

- **(( بوونی بەکتریا لەسەر گۆی زەوی ( دا ) زۆرترە لەسەرجەمی هەموو زیندەوەرانی دیکە بەیەکەوە ))  ( زانست : ٢٠٢٢ : ٥ ).**

**مۆرفیمی فەرماندان (ب):** لە ناو دەقە فێرکاریەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆر مۆرفیمی فرماندان ( ب ) بەکارهاتووە و هەندێکجار دەردەکەوێت و هەندێکجار دەرناکەوێت. کە پێویستە ڕێکبخرێت، چونکە دەبێتە هۆی جۆراوجۆری نووسین. وەک :

(( هەوڵ بدە بیر لەمێژووی ڕابردووی زەوی بکەیتەوە )) ( زانست : ٢٠٢٢ : ١٥٠ ).

**دووەم: ڕستەسازی (سینتاکس):** ئەو زانستەیە لە ڕستە و فاریزەو پاڕستە و وشە دەکۆڵێتەوە. (( سینتاکس لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە ئاخاوتن و ڕستە دا )) ( باخان : ٢٠٢٠ : ٨ ).  بێگومان هەموو زمانێک کۆمەڵێک یاسای سینتاکسی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێویستە لە زمانی نووسینەوەی زانستدا پەیڕەو بکرێت. کە پێویستە ئەو کەسەی یاخود ئەو کەسانەی کە پەرتووکی قوتابخانە دادەنێن یاخود وەردەگێڕن، مەرجە کە شارەزایی تەواویان هەبێت لەو یاسا سینتاکسیانەی کە ئەو زمانەی پێدەنوسرێتەوە. یەکێک لەو یاسایانە بریتییە لە:

**ڕیزبوونی کەرستە:** ڕیزبوونی کەرستەکانی رستە لە هەرزمانێکدا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە زمانەکان جیاوازن لەم بارەیەوە (هەرزمانێک بۆ ڕیزبوونی کەرستە پێکهاتەکانی ڕستە پەیڕەو و یاسای سینتاکسی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕوونی و ڕەوانی دەقەکەدا دەبێت).(عمر احمد:2022: 71). نوسەر پێویستە زۆر ئاگاداری ئەم بارە بێت بەتایبەتی لە کاتی وەرگێڕاندا، چونکە وەکوو وتمان هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە لەم ڕووەوە،  بۆ نموونە (( ڕستە لە زمانی کوردیدا بریتیە لە (  Sov )، بەڵام لە زمانی عەڕەبی بریتیە لە ( Vos ). جا ئەگەر دەقێک لە زمانی عەرەبییەوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، نابێت بەهەمان شێوەی ڕیزبوونی کەرستەی زمانی عەڕەبی وەربگێڕدرێت، بەڵکو پێویستە دەقەکان، کە کران بە کوردی پەیڕەوی یاسای ڕیزبوونی کەرستەی زمانی کوردی بکەن )) ( عمر : ٢٠٢٢ : ١٧٦ ).

کە دەڵێین زمانی کوردی کەرستەکانی لە شێوەی (S O V ) ڕیز دەکات، ئەمە وەکوو بنەمایەک وایە پێویستە لە نوسینی کوردیدا پەیڕەو بکرێت، بەڵام لەگەل ئەوەشدا هەندێک جار وا پێویست دەکات ئەم

بنەمایە ببەزێنرێت، وەک لە دیاردەی بە لوتکەکردندا، واتە هێنانە پێشەوەی بەرکار لە ڕستەدا بە مەبەستی زیاتر زەقکردنەوەی ئەم بابەتە.

**جێناوی (ا ت و ێت)**: هەندێکجار لە ئاستی زمانی نوسیندا نوسەری پەرتووکەکان هەڵە لەم دوو ئامرازەدا دەکەن، دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئەم (ت) ەی لە کۆتایی ئامرازەکەوە هەیە کە بە کارەوە دەلکێت بابەتێکی ترە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە پێویستە شێوەکان یەکبخرێن، واتە یان دەربکەوێت یان دەرنەکەوێت، چونکە یەک شێوەی نوسین لە زمانی پەرتووکی فێرکاریدا گرنگە.

## 2- هەڵسەنگاندنی زمانی پەرتووکی زانست بۆ هەمووان پۆلی(هەشتەمی بنەڕەتی)

**1/2- ڕێنووس:** پەرتووکی زانست بۆ هەمووانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕووی ڕینوسەوە هەڵەی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، هەولدەدەین لە خشتەیەکدا چەند نموونەیەک بخەینەڕوو:

| نووسینەکە وەک خۆی | راستەکەی | سەرچاوە |
|---|---|---|
| ١ - فره خانەن | فرەخانەن | ( زانست : ٢٠٢٢ : ٢٩ ) |
| ٢ - سێ یەکی | سێیەکی | ( زانست : ٢٠٢٢ : ١١٤ ) |
| ٣ – جیۆ لۆجی دا | جیۆلۆجیدا | ( زانست : ٢٠٢٢ : ١٣٧ ) |
| ٤ – بە هەڵم بوون | بەهەڵمبوون | ( زانست : ٢٠٢٢ : ١٨٩ ) |
| ٥ – باو باران | با و باران | ( زانست : ٢٠٢٢ : ١٩٦ ) |
| ٦ – گەردە لوولی | گەردەلوولی | ( زانست : ٢٠٢٢ : ٢٠٠ ) |
| ٧ – وای دابنێ | وایدابنێ | ( زانست : ٢٠٢٢ : ٢١٥ ) |

**2/2- خاڵبەندی:** وەک لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژەمان پێکرد، خاڵبەندی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان کە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی تێگەیشتن، بۆ دەبێت بە ووردی ڕەچاوی ئەم لایەنە بکرێت. ئەوەی لە پەرتووکی زانستەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی هەستیپێدەکرێت ئەوەیە کە هەلەی زۆری لەم بارەیەوە تیدایە، لەم خوارەوە چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

1- دیواری خانەیی ڕەقیان هەیە کە ئەمەش شێوەکانیان دیاری دەکات، ( زانست : ٢٠٢٢ : ٧ )

شێوازە دروستەکە:

**دیواری خانەیی ڕەقیان هەیە، کە ئەمەش شێوەکانی دیاری دەکات.**

2- بەکتریا و زیندەوەرە وردبینەکانی دیکە بەکاردێن بۆ نەهێشتنی پیسبوون، ( زانست : ٢٠٢٢ : ١٣ )

شێوازە درووستەکە:

**بەکتریا و زیندەوەرە وردبینەکانی دیکە بەکاردێن بۆ نەهێشتنی پیسبوون.**

3- پێشەنگیەکان هەمەجۆرن، و هەندێ جیاکەرەوەی هاوبەشیان هەیە لەنیوانیاندا. (زانست: ٢٠٢٢:٧)
شێوازە درووستەکە:
**پیشەنگیەکان هەمەجۆرن و هەندێ جیاکەرەوەی هاوبەشیان هەیە لە نێوانیاندا.**

4- قەوزە سەوزەکان ڕەنگیان سەوزە چونکە کلۆرۆفیل بۆیەی سەرەکیە لەخانەکانیدا. (زانست: ٢٠٢٢ : ١٣)

شێوازە دروستەکە:

**قەوزە سەوزەکان ڕەنگیان سەوزە، جونکە کلۆرۆفیل بۆیەی سەرەکیە لە خانەکانیدا**

5- هەندێک گیانلەوەر پشتی بە ژینگەکەیان دەبەستن بۆ پاراستنی گەرمیەکەی واتا، پلەی گەرمی لەشیان دەگۆڕێ لەگەڵ گۆڕانی پلەی گەرمی ژینگە،( زانست : ٢٠٢٢ : ٢٥ )
شێوازە دروستەکە:
**هەندێک گیانلەوەر پشتی بە ژینگەکەیان دەبەستن بۆ پاراستنی گەرمیەکەی، واتا پلەی گەرمی لەشیان دەگۆڕێ لەگەڵ گۆڕانی پلەی گەرمی ژینگە.**

3/2- **لە ڕووی ڕێزمانیەوە** : توێژەران ڕێزمان دابەشدەکەن بۆ سەر لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی، هەریەکێکیش لەمانە چەند یەکەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

## 1/3/2- **وشەسازی** (**مۆرفۆلۆژی**):

- **ئامرازی (و) بەستنەوە:** وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، لە کوردیدا ئەم ئامرازە بۆ بەیەکبەستانەوەی دوو ڕستە یان دوو ڕێز بەکاردێت لەناو دەقدا یان لە چواچێوەی ڕستەی لیکدراودا، ئەوەی جێگای تێبینییە لە پەرتوکی زانستەکانی پۆلی هەشتەمدا هەندکجار ئەو ئامرازە گۆڕاوە بۆ ( وە )، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

**- (( گیانەوەران ناتوانن خۆراک بۆ خۆیان دروست بکەن، (وە ) هەموو گیانەوەران لەسەر خواردنی زیندەوەرانی دیکە دەژین ))** ( زانست : ٢٠٢٢ : ٦٥ ).

- (( **هەندێکیان زۆر بچوکن بە شێوەیەک کە بەبێ وردبین نابینرێن، وە هەندێکیان بە درێژی چەندمەترێک گەشە دەکەن ))** ( زانست : ٢٠٢٢ : ٢٤ ).

- (( **ئەم گیانەوەرانە لە هەردەستێک پێنج پەنجەیان هەیە وە لە هەر پێیەکیش پێنج پەنجە ))** ( زانست : ٢٠٢٢ : ١١٨ ).

- **پاشبەندی ( وە، ەوە، دا ) :** وەکوو وتمان نوسەران و قسەپێکەرانی زمانی کهوردی لە نوسینەکانیاندا یاخود لە کاتی گفتوگۆ ه قسەکردندا لە ئاستی بەکارهێنانی ئەم پاشبەندانە هەڵەی زۆر دەکەن، هەر لەم بارەیەوە ڕەنگە ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە لەو جۆرە هەڵانە بەدەرنەبێت. ئەم هەڵەکردنە لە نوسینی ناو پەرتووکەکانی خوێندنیش بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرچاودەکەوێت، کە ئەمەش بارێکی ئاسایی نییە، چونکە نابێت بە بیانووی نەگۆڕینی واتا، هەڵە لە نوسینی ئەم پاشبەندانەدا بکرێت، بەتایبەت لە پەرتووکە فێرکارییەکاندا. هەوڵدەدەین لە خوارەوەدا چەند نموونەیەک لەسەر ئەم پاشبەندانە بخەینەڕوو :

- ((دەست بەجێ مامۆستاکەت ئاگادار بکە (وە) لە ...تد) (زانست: 2020: 13)

- ئەوە تۆمار بکە کە لەچەند ڕۆژێکی کەمی داهاتوو (دا) ڕوودەدات)) (زانست: 2020: 58)

- ((هەروەها بەشداری لە دروستکردنی دەمانی گرنگ(دا) دەکات)) (زانست:2020: 13)

**مۆرفیمی فەرماندان (ب):** ئەم مۆرفیمە لە ناو دەقە فێرکارییەکاندا پێویستی بە ڕێکخستن هەیە و پێویستە پێداچوونەوەی تەواوی پێدا بکرێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ناو پەرتووکی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا لە هەندیک شوێندا دەرکەوتووە، کەچی لە هەندێک شوێنیتر دەرنەکەوتووە، کە ئەمەش نابێ چونکە پێچەوانەی کاری زانستییە. سەرنجی ئەم نموونانە بدە:

- ((یارمەتی لە مامۆستا وەربگرە... تد)) (زانست: 2020: 15)
- ((بوار لە مامۆستاکەت وەر(ب)گرە)) (زانست: 2020: 22)

### 2/3/2- **لەڕووی ڕستەسازییەوە:**

- **ڕێزبوونی کەرستە:** بنەمای ڕێزبوونی کەرستە سەرەکییەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بریتییە لە (بکەر – کار – بەرکار) . هەر نوسینێک بە کوردی بنوسرێت پێویستە پەیڕەوی ئەم بنەمایە بکات. کەچی پێچەوانەی ئەمە لە زمانی پەرتووکی زانستی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی هەستپێدەکرێت. وەک:

**(بەشێوازی خۆت پێناسەیەک بنووسە بۆ زاراوەی هێلکەی خشۆک)** (زانست: 2020: 97)

لەم دەقەی سەرەوەدا کەرستەکان بەپێی بنەمای (بکەر-بەرکار-کار) ڕیز نەکراوون، ئەمەش بەزاندنی بنەمایەکی سەرەکی زمانی کوردییە. بەڵکو شێوە درووستەکەی پێوستە وەک ئەمەی خوارەوە بێت:

( بەشێوەی خۆت پێناسەیەک بۆ زاراوەی هێلکەی خشۆک بنووسە.)

چەند نموونەیەک:

- **تواناى جولانەوەیان هەیە تەنها لە هەندێ لە قۆناغەکانی سووڕی ژیانیاندا. (زانست:2022: 32)**

دروووستەکەی:

تەنها لە هەندێ لە قۆناغەکانی ژیانیاندا توانای جولانەوەیان هەیە.

- **(زۆر لە گیانەوەران خۆیان بەدوور دەگرن لە کەشی سارد)** (زانست: 2022: 69)
**درووستەکەی:**
- زۆر لە گیانەوەران لە کەشی سارد خۆیان بەدوور دەگرن.

**جێناوی (ات ، ێت):** ئەمەش دیاردەیەکی ترە کە لە زمانی نوسینی پەرتووکی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی هەستی پێدەکرێت، بەشێوەیەک لە هەندێک شوێندا (ت) کۆتایی ئامرازەکە دەرکەوتووە لە هەندێک شوێنیشدا دەنەکەوتووە، ئەمەش پێچەوانەی بنەما زانستییەکانی زمانی نوسینەوەی زانست، بۆ نموونە:

- **زۆر لە گیانەوەرانیش <u>دەبێت</u> بەرەنگاری ... تد** (زانست: 2020: 69)

لەم دەقەی سەرەوەدا (ت) ەکە لە کاری ( دەبێت) دا دەرکەوتووە.

- **وا خۆی نیشان <u>بدا</u> کە باڵەکانی <u>شکابێ</u>** (زانست: 2020: 68)
**کەچی لەم دەقەدا (ت) ەکە لە کاری (شاکبێ) دا دەرنەکەوتووە.**

**چەند نموونەیەکی تر:**

- **توانای بینینی گران <u>دەکات</u>** (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە)
- **لە شوێنێک خۆی مات <u>دەکا</u>** (هەمان سەرچاوە و لاپەڕە)
- **لەم نمایشەی سەرەوە وا <u>دەردەکەوێ</u>** ( زانست: 2020: 168)
- **زەوی وزەی خۆی دەست <u>دەکەوێت</u>** (زانست: 2020: 168)

**پێشنیاز:** لەبەر تیشکی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا پێشنیاز دەکەین کە پێداچوونەوە بۆ تەواوی پەرتووکەکانی خوێندن بکرێت و هەوڵبدرێت زمانی پەرتووکەکان لە هەڵەی زمانی پاکبکرێتەوە. پێداچوونەوەکەش لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕەوە ئەنجام بدرێت کە کەسانی تایبەتمەندی بواری زمانەوانی بەشداری تێدا بکەن.

## ئەنجامەکان:

1- زمانی پەرتووکی زانستی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەتەواوی پەیڕەوی بنەما ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی نەکردووە، لە زۆر شوێن هەڵەی ڕێزمانی بەدیدەکرێت، هەڵەکانیش لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازیدان.

2- لەڕووی خاڵبەندییەوە زمانی پەرتووکەکە هەڵەی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، بەجۆرێک کە هێماکانی خالبەندی وەکوو پێویست بەکارنەهاتوون، ئەمەش بەڕوونی کاریگەری لەسەر ڕوونی و ڕەوانی زمانەکە کردووە و تەگەرەی بۆ پرۆسەی تێگەیشتن درووستکردووە.

3- لەڕووی هەڵەی ڕینوسییەوە زمانی پەرتووکەکە هەڵەی ڕینووسی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، لە نوسینی پەرتووکەکەدا پەیڕەوی ئەو بنەمایانە نەکراوە کە ئەکادیمیای کۆڕی زانیاری لەبارەی ڕنوسەوە دایناوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردیی:


- باخان ئەحمەد محمد ، دروست نووسی زمانی کوردی ، چاپی دووەم ، ٢٠٢٠ .
- بکر عمر علی (1992). بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، هەولێر.
- شیلان عمر حسێن ، هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاری پڕۆگرامی خوێندن قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی کوردی وەک نموونە ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ٢٠١٥.
- عمر ابراهیم عزیز ( بەش ) و فاتیمە رشید حسن باجەلانی ، هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەم و بەراوردکردنی لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆک بە پەرتووکی ( ئەلف و بێ نوێ ) ی ئیبراهیم باڵدار ، توێژینەوەکان یەکەمین کۆنفرانسی پڕۆگرامەکان ، هەولێر ٢٣ – ٢٤ ، تشرینی دووەمی ٢٠١٦ .
- عمر احمد عبدولڕەحمان ، شیکردنەوەی زمانی پڕۆگرامەکانی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا ، هەولێر ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ .
- کارزان محمد عارف و کوردستان محمد ئازاد ، هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لەدیدی مامۆستایانەوە ، گۆڤاری توێژەر / بەرگی ژمارە ٢ / پایزی ٢٠١٨
- کتێبی زانست بۆ هەمووانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی ، چاپی سێزدەم ، ٢٠٢٢
- مهاباد کامل عبدالله ، کۆزانیاری زمانی پڕۆگرامی خوێندن زمانی کوردی ، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پڕۆگرامەکان ، زانکۆی سلێمانی / سکولی زمان / بەشی کوردی / تشرینی ٢٠١٦.
- نەریمان عبدالله خۆشناو ، ڕێنووس و خاڵبەندی ، چاپی یەکەم / ٢٠١٦ .
- هەوار عمر فقێ ، بنەماکانی زمانی پەروەردەی لە پڕۆگرامی خوێندندا ( خوێندنی زمانی کوردی وەک نموونە ) ، ٢٠١٥.


### بە زمانی عەرەبیی:


- بشری ، صبرینه (٢٠١٥ ) ، مستوی جودة الکتاب اللغة العربیة المقور علی تلامیز المرحلة الرابحة ابتدائي من وجهة نظر مشرفی و معلمي المرحلة ، جامعة محمد ضیفر بسکرة ، کلیة العلوم الانستنیة والاجتماعیة ، قسم علوم الاجتماعي ، شعبة علوم التربیة .

- الشمري ، مهدى صالح  صلطان ( ٢٠١٢ ) ، في المصطلح و لغة العلم ، كلية الاداب جامعة بغداد.
- مرعى و الحيلة ، توفيق احمد ، محمد محمد ( ٢٠٠٤ ) . المناهج التربية الحديثه و مفاهيمها و عناصرها و اسسها و عملياتها ، ط ٣ ، دار المسيرة لنشرو التوزيع و الطابحة ، عمان – الاردن .